## "یادەوەرییەکانی حەمە ڕەشی هەرەس و پێشمەرگەی ناوچەی گەرمیان "

فەخرەدین گەرمیانی



ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە کاراترین و گرنگترین ئامێرە کە چ حکومەت یان شۆڕش بەکاری دێنن ، بەڵام بۆ شۆڕش گرنگترە تاکو بتوانێت ئامانجی شۆڕش و چالاکیی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕو نەبەردەوە بگوازێتەوە بۆ گەلەکەی. لەم ڕۆژانەی پێشوودا کاکە هەرەس کەوتۆتە خۆی و تا ئێستا 9 بەشی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتی وەک بێژەرێک لە ئێزگەی (ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە) بڵاوکردۆتەوە ، بە زمانێکی کوردیی پاراوو هەستێکی کوردانەی زۆر ناسکەوە بە ڕاستیی ئیرەیی پێدەبەم بۆ ئەو بیرتیژیی و کارامەیەی کە ناوی گەر هەموو کارمەندان نەبێت ئەوە زۆربەی زۆریانی لە بیر ماوە ، خوێندنەوەی ئەو بیرەوەریانەی هەرەس منیشی هەڵخران بیر لەوە بکەمەوە دووبارە دەست بکەمەوە بە نووسینی بیرەوەرییەکانی ساڵی 1974 چونکە لە ساڵی 2003 پێنج بەشم بڵاوکردەوە و پاشان تەمەڵیی گرتمی.

من پێش ئەو نووسینەی هەرەس کەسم لە کارمەندانی ئێزگەکە نەناسیوە تەنها چەند ناوێک نەبێت وەک شەهید عەبدولخالق مەعروف و ئەحمەد دەشتی و عەبدولوهاب تاڵەبانی و سەعید عەلی یەحیا ئەویش لە ڕێگەی نووسینەوە لێرەوە لەوێ ، بەڵام نووسینەکانی هەرەس زۆر بە ووردیی باسیی هەموویان دەکات .

تکام لە کاکە هەرەس و هەموو ئەو پێشمەرگانەی بەهەر شێوەیەک بەشداریی شۆڕشیان کردووە با بە ئەمانەتەوە بینووسنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو ، با بزانن ئەوەی ئێستا ئەوان بە ئاسوودەیی لە سێبەریا گوزەران دەکەن بەرهەمی خوێن و فرمێسک و خەباتێکی سەختیی ئەو پێشمەرگانە بووە.

وەک لە بەشێکی یادەوریەکانم ئاماژەم پێداوە کە خستوومەتە بەینی ئەم دوو کەوانەیە تکام کردووە بیرەوەرییەکان تا لەبیرتان نەچووە بینووسن:

(( من لای خۆمەوە هەوڵئەدەم ئەوەی بە چاوی خۆم دیومە بیگێرمەوەو **داواکاریشم لەو پێشمەرگانەی گەرمیان کە لە شۆرشی ئەیلوولی مەزندا بەشدار بوون هەر هیچ نەبێت وەک وەفایەک بۆ هاورێکانیان کە زۆربەیان شەهید بوون و لە ژیاندا نەماوون تۆمار بکەن بۆ مێژوو...**
چونکە خۆم بە درێژایی ئەو ساڵە بەشداریی زۆربەی چالاکییەکانی گەرمیانم کردووە وەک پێشمەرگەیەک هەرچی لە توانامدا هەیە هەوڵئەدەم بە ئەمانەتەوە باسی بکەم، وەلێ مخابن هەموو ئەو یادگاریی و یادداشتانەم کە لە دەفتەرێکدا تۆمار کردبوون لە نسکۆکەی ساڵی 1975 لە رۆژی 23-03-1975 لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمن (چونکە بە سەدان ناوی پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکان و ناوی جێگاو شوێنی کوردستانی تێدابوو (فرێمدایە ناو رووبارەکەی نزیک قەزای (چوارتا) وەو فەوتا بۆیە بە داخەوە زۆربەی ناوو جێگاکانم لەیاد نەماوە پاش تێپەربوونی 31 ساڵ زیاتر ، بەڵام هەرچییەکم لە یاد مابێت ئەوە وەک خۆی دەینووسمەوە ))

ئەگەر بە ئینسافەوە باسی شۆڕشی ئەیلوول بکرێت ئێمەی پێشمەرگەی ناوچەی گەرمیان دەبوایە بەشی شێرمان بەرکەوتایە ، لێ مخابن هەر کەسێک باسی شۆڕشی ئەیلوولی کردبێت بە دەگمەن باسی گەرمیانی کردووە بە کتێبەکەی کاک مەسعود بارزانیشەوە (بارزانی و مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) کە باسی پێشمەرگەی گەرمیان ناکات ، ئەو نەبەردانەی پێشمەرگەی گەرمیان تۆماریانکرد هەریەکەیان داستانێکە بۆ خۆی نەک هەر لە شۆڕشی ئەیلوول بە تەنیا بەڵکو لە شۆڕشەکانی ساڵانی دواتریشدا.

هەرکەسێک بڵێت کە شۆرشی ئەیلوول لە رووی میدیاوە "ئیعلام" باش بووە ، من دەڵێم نەخێــــــــــــر چونکە بە درێژایی یەک ساڵی ڕەبەق لەو گەرمیانە تاکە بڵاوکراوەیەکی شۆڕشمان نەبینی ، من نازانم لەسەرەوە ، لە ناوچەی ناوپردان و گەلاڵەو ئەو دوای ناوچەکانی سەرکردایەتیی ڕەنگە هەبووبێت ، بەڵام هەرگیز ئێمە هیچمان نەبینی !! بە درێژایی ئەو ساڵە تاکە سەرکردەیەکم نەبینی ، هەموو خوولیای پێشمەرگەی گەرمیان ئێزگەکە بوو ، ئێستاش ئەو دەنگە زوڵاڵەم لە گوێدا دەزرنگێتەوە کە لە سەرەتای کردنەوەی ئێزگەکە هاواری دەکرد (ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە) ئای کە دڵتەنگ و بێزار دەبووین کە تەشویشەکە ئەیگرت ، لە گەرمیان بەو تەشویشە نەحلەتیەمان دەگوت (( هانی هانی)) چونکە ئەو سەگبابەی تەشویشەکەی دەخستە سەر بە دەنگێکی ناسازو بێزارکەر هەر دەیگوت هانی هانی و دەنگی ئێزگەکەی دەخنکاند.

هەر پێشمەرگەو ڕادیۆیەکی بچووکی بۆ خۆی پێبوو ، بەختەوەر ئەو پێشمەرگەیە بوو ڕادیۆکەی بەهێز بێت و هانی هانی نەیگرێت. وەک گوتم ئێمە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی کردنەوەی ئێزگەکەمان دەکرد تەنیا فەرامۆشیمان بەو دەنگە دەهات کە باسی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی دەکرد ، بۆیە گەر باسی ئیعلام بکرێت دەبێت سەروەریی ئەو کارمەندانە لە پێشەوە بێت ، ئەگەر نا شۆرشی ئەیلوول بە مانای تەواوی ووشە لە ئێزگەکە بترازێت لە گەرمیان ئیعلام نەبوو ، پاش تێپەڕبوونی 32 ساڵ سەلاوێکی گەرم و پێزانینی خۆم بۆ ئەو کارمەندە ئازاو بەجەرگانەی ئێزگە دەنێرم.

**دووباره دەستخۆشیی لەکاکه حەمه ڕەشی هەرەس ئەکەم و داواکارم تا قەڵەمه بە پێزەکەی بڕ ئەکات بنووسێت و ئەو یادەوەرییانه تاڵ و شیرینانەمان بیرخاتەوە ، تاکو سەروەرییەکانی پێشمەرگەو ڕۆژه سەختەکانمان لە یادنەچێت.**

**ئەو دەست و پێنووسەت هەر خۆش بێت و بە دلۆڤانیی ئاهورامەزدات دەسپێرم و داواکارم ئەگەر هەر ڕووداوێکی گەرمیانت وەک چالاکیی پێشمەرگەش بێت باسی بکە ، گەرمیان هەردەم پشتگوێ خراوە بەداخەوە ئەوساو ئێستاش.**

**وەک لە گوتارێکی پێشووم کە لە ساڵی 2003 نوسیبووم ئاماژەم بۆ خاڵی لاوازیی ونەبوونی میدیا لە گەرمیان لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول کردووە کە لە خوارەوە دانراوە.**

**((سەرکردەکانی شۆڕش هەموویان لە ناوچەکانی سەرەوە بوون و بە دەگمەن ئەندامانی سەرکردایەتیي شۆڕشی ئەیلوول سەردانی ناوچەکانی گەرمیانیان دەکرد ، بەراستی ڕاگەیاندن لە شۆڕشی ئەیلوول دەورێکی ئەوتۆی نەبوو ... لە پاش بەیانی ئاداری 1970 و پاشان هەڵگیرسانی شەر لە 1974 بە درێژایی ئەو ساڵە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان زیاتر کە ئێمە لە گەرمیان گوێمان لێدەگرت هیچ بڵاوکراوەیەکم نەبینی بگاتە دەست پێشمەرگەی ناوچەی گەرمیان))**

**2006-05-21**